**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**فەرمانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، ئەندامی پەرلەمان (لوقمان حمد حاجی) لە شوێنی (شنۆ ئەشقی عبدالله) دادەنرێت لەو لیژنەیەی کە بۆ بەدواداچوونی ڕاستیەکان پێکهێنرابوو سەبارەت بە بەکارهێنانی پێگەی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرژەوەندی تایبەت .

**د.ڕێواز فایق حسین**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٤٠٦٥ لە ٢٠٢١/١١/٢٨**

**بەیانی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هێنانەکایەی گوندی فەقیریت شنگالێ**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٩٠٦ لە ٢٠٢١/١١/١) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١ ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**فەقیریت شنگالێ**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنووری ناحیەی باعەدرێ/قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٨) هەشت دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢/٤٢) لە کەرتی ٦٠/بیوز علیا) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**